www.kurdistannet.org
17-10-2006 20:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ مشەخۆرەکانی ناو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ... کاروان ڕەحیمی

بۆیە بەم ناوە بانگتان دەکەم، چونکە دەمەوێ بە دڵسۆزانە لەگەڵ خەڵکانی دیکە، نەك ئێوە قسە، بکەن. تۆ مشەخۆری سێ کۆنگرەی حزبی دیموکرات و دەسەڵاتداری چەند ساڵە. تۆ کە چەند ساڵان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تەنیا تاکە کەسی خۆت، نەك بەرژەوەندی حزبی دیموکرات و گەل، هەزاران مەکر و حیلەت نواند.

تۆ کە لەسەر ناوی دکتۆر قاسملو مشەخۆری دەکەیت و خۆت بە درێژەدەری ڕێبازی ئەو دەزانی. بیر بکەوە تا ئێستا چەندین لاوی دڵگەرم و ڕۆح سووکت بە هەزاران مەکر و حیلەوە لە ناو حزب، زۆر بە شێوەیەکی ناشیرنانە دەرکردووە. دەزانی بۆ؟ ئەو لاوانە بە بەڵگە و پلەی زانکۆییەوە دەهاتن تا بە شێوەیەکی دیکە خزمەت بە حزب و گەلەکەیان بکەن، بەڵام هاوڕێیەکانت کە ئێستا بوونەتە بازرگان و لەسەر ئەو کورسیەیەی پێیەوە چەسپاون خیانەت بە خێزان و حزبەکەیان دەکەن، چاویان بەمە بەرایی نەدەدا کە گەنجێکی ڕۆشنبیر و خاوەن ستراتژیەتێکی نوێ کورسیەکانیان لێ بسێننەوە. تۆش هاتی و بە شێوەی جۆراوجۆر مۆرکی سەرخۆش و موعتاد و سیخوڕت پێوەنان. خۆزگە ئەوان جاشیەتیان بۆ ڕژێمی ئێران بکردبایە، چونکە تۆ زۆر لەوان دڕندەتری.

با باس لە سیاهی لەشکەر و ئەوانەت بۆ بکەم کە ئێستا شەوانە پەردەی ماڵەکانی خۆیان دادەدەنەوە و سێ سێ و چوار چوار پیلان بۆ ڕووخانی دوژمن دەگێڕن! ئەزانی ئەوان کێن، هەر ئەو کەسانەن کە تۆ بە هەزاران پیلان خۆت دەتناردە سەر ژنی کەسێکی دیکە و خۆشت دەتگرتن تا خاڵی لاوازی لەبەردەستی تۆ دابێت و تۆ بە کەیفی خۆت هاوسارەکەی بە دەستەوە بگری.

زۆر دڵت نەیەشێ، ئێستا باس لە مشەخۆرەکەی کۆنگرەی سێزدەش دەکەم، بەڵام ئێستا سەرەی تۆیە.

بە ڕاست بیوورە کە قسەکانم هەندێ ڕەقن، تۆ کەسایەتیەکی سیاسی، دڕۆت لەگەڵ ناکەم. نموونەکەی ئەوەیە ئەو هێزەی سوپای ئێرانە هێنایە سەر بنکەکانت، ئێستا ئەو هێزە دەبەیتە سەر دوژمنەکەت، ئافەرین... !!!

لە سەفەرەکەی ئەم دواییەی ئەورووپات چیان پێداوی کە ئێستا لە کۆبوونەوە نهێنیەکانت باس لە بردنی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ سەر باڵی مشەخۆرەکەی کۆنگرەی سێزدە دەکەی. بیرت چووە سوپای ئێران قەفەسی بۆ هێنابوویە کۆیە تا بنەماڵەکانت وەکو کەو لە ناویان بکات. ئەرێ ئەو هێزەی یەکێتی کە تۆ باسی دەکەی قەفەسیشیان پێیە؟؟؟

تۆ تەنیا تینویەکی دەسەڵاتی کە هەر دەمەو بە ڕەنگێك خۆت دەنوێنی. با نوکتەیەکیشت بۆ بلێم، ئێستا لە ئێران بە نامەی مۆبایل خەڵك کاروباری ئیداری خۆیان جێبەجێ دەکەن. هەست پێناکەی زەوی تا ئاسمان لە فەرهەنگی گەلەکەت دوور کەوتوویەتەوە.

ڕەنگە گلەیی لەم شێوەی ڕەخنە دەربڕینانەی من بکەیت، بەڵام لە بیرت نەچێ خۆت فێری دارودەستەکەی خۆت کرد و ئەوانیش بۆ یەکەم جار ئەمانەیان نووسی.

بۆ ڕێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، بۆ مشەخۆرەکەی کۆنگرەی سێزدە. باشە نەدەکرا کۆنگرەی دوازدە یان چواردە ببایتە سکرتێر. ئاخر خۆت هەرچەند بە قسە پۆست مۆدێرنیزمی، بەڵام باوەڕت بەم شتانە هەیە.

تۆ کە سوێندت بەخوێنی شەهیدان خوارد ئەم ڕێوشوێنە تازە نەگریتەبەر و پەیمانەکەت شکاند. تۆ دەسەڵاتەکەشت ساختەیە، چونکە ئەو کەسانەی دەتەوێت گۆڕانکاریان پێی پێکبێنیت، هەموویان ساختەن. ناویان ناهێنم با گەورە نەبنەوە، بەڵام ئەوانەی باس لە بەڵگەنامەکانی خۆیان لە

زانکۆکانی سنە و تاران و تەورێز دەکەن، هەموویان ساختەن. گەر باوەڕ ناکەی هەر لەم ڕێگەیەوە وڵامم بۆ بنێرە تا بەڵگەنامەی هەموویانت لە پێش چاو دابنێم.
نامەوێ بیرت بێنمەوە، چونکە زۆرم خۆش دەویست. بەڵام دەترسیم باڵەکەشت تووشی چارەنووسی کوڕەکەت بکەی. ئەو کوڕەی بووە بە قوربانی خەیاڵ و ئارەزووەکانی باوکی. ئەو رەخنەیە هەر لە تۆ ناگرم، هەموو بەم شێوەیەن. رکابەرەکەت مافی دوو منالە پێشمەرگەی دیکە خوارد تا کوڕەکەی خۆی نارده ئەوروپا.
رەنگە قسەکانم بۆ تۆ ئاسایی بن، چونکە زۆریان باسی تۆ کردووە. بەڵام ئێستا لە کۆمیتە ناوەندییەکانت دەدوێم. ئەوانەی ئەلف و بێ لە یەکتر ناکەنەوە. بەمانە دەتەوێ کورد رزگار بکەیت... ببوورە هەڵە بووم بەمانە دەتەوێ خۆت رزگار بکەیت. کۆمیتە ناوەندییەك کە ئەمنییەتی حزبی لە ئەستۆدایە، نەخۆشە رەنگە ئێستا ئەگەر لە هەر وڵاتێك دیکە بوایە بە ڕێزەوە خۆی دابایە دەست پزیشکان تا بە هۆیەوە چەند نەخۆشی دیکەیان دۆزیبایەوە.
بەزەییمان بەوانە دادێ کە ئێستا بەدوای ڕێوشوێنی ئێوە کەوتوونە، بۆیە چیتر نانوسم تا پێم نەڵێن ئەمە نفوزیە... بەڵام گەر درێژە بەم کارەی خۆتان بدەن هەر شتێك لەسەر ئێوە دەزانم بڵاوی دەکەمەوە.